ئەنجومەنی وەزیران چەند بڕیارێکی نوێ دەردەکات



ئەنجومەنی وەزیران لەو دانیشتنی ئەمڕۆ سەشەممە بڕیاری دەرکرد، دیارترینیان ڕێگەپێدان بە وەزارەتی ناوخۆ بوو بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ دەستەی پیشەسازیی سەربازی بەمەبەستی کڕینی سیستەمی بەرێنگاربوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، تێیدا هاتووە: "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ سەشەممە، سەرۆکایەتی دیڤمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، تێیدا کۆی دۆخی وڵات لە سایەی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و کاریگەریی ڕاستەوخۆکانی لەسەر عێراق تاوتوێ کرا، هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە کرا کە لە خشتەی کارەکاندا هەبوون و بڕیاری پێویستیان لەبارەوە درا".

لەڕاگەیندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "لە سەرەتای دانیشتنەکەدا، سەرۆک وەزیران پرسە و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی عێراق و تەواوی ئوممەتی ئیسلامی کرد بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب (سڵاوی خوای لەسەر بێت)، و یادی ژیانە پڕشنگدارەکەی کردەوە کە تێیدا

بناغەکانی دادپەروەری، چاکسازی، خزمەتکردنی خەڵک و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دامەزراند، کە لە کۆسایەتی بەڕێزیدا هەموو واتاکانی حیکمەت و سەرکردایەتی دادپەروەرانە ڕەنگیدایەوە".

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە "ئەنجومەنەکە بەردەوام بوو لە تاوتوێکردنی خشتەی کارەکانی دانیشتنەکە، و بەدواداچوونی بۆ ڕێکارەکانی زیادکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت، کەمکردنەوەی خەرجییەکان و ئەو بڕیارانەی لەو بارەیەوە دراون کرد، و بڕیارەکانی خوارەوەی پەسەند کرد:

١. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی دۆخی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پێدانی پشکی گەنجینەی گشتی لەلایەن کەمپانیا گشتییەکان و بەرەوبەرایەتییەکانی خاوەن دارایی سەربەخۆ.

٢. پێشکێشکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی سەبارەت بە داهاتە نانەوتییەکان و شایستەکانی گەنجینەی گشتی بۆ هەڵم و پارێزگاکان بۆ لیژنەی پێیوەندیدار.

٣. بەردەوامبوونی کاری لیژنەی فەرمانی دیوانی (٨٧ی ساڵی ٢٠٢٥)، و بەردەوامبوونی بەدواداچوونی ڕێکارەکانی سەرجەم دامەزراوەکان بۆ پێیەوەکردنی ئۆتۆماتیکیکردن (ئۆتۆمەتە) لە سێکتەرە حکومییەکان و لە وەرگرتنی باج و پارەدانی ئەلیکترۆنیدا.

٤. ئەستەگرتنی وەزارەتی پێیوەندییەکان و دەستی ڕاگەیاندن و پێیوەندییەکان بۆ وەرگرتن و یەکلاکردنەوەی ئەو بڕە پارانەی مانگانە لە کەمپانیاکانی پێیوەندی و ئینتەرنێت وەردەگیرێن.

٥. زیادکردنی ئەرکی لەکەینەوە لەو لایەنانەی کەمتەرخەمن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی

وەزیران بە سەر ئەرکەکانی لیژنەی پێکهێنراو لە بیاری (٨٥ی ساڵی ٢٠٢٦).

٦. خستنەووی کاریگەری دارایی لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە کە بەهای راگرتنی بشخراکی ئەو کەسانەی شایستە نین بدیهاتوو، و بدواداچوونی رەکارەکانی ئەو وەزارەت و پارێزگایانەی رەکارەکانیان تەواو نەکردووە، هەروەها پشکشکردنی پشنیاری هەموارکردنی بگەکانی یاسای خزمەتی دەرەوە و پێیەو و رێنماییە هاوپچەکان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ژمارەی ساڵانی خزمەت لە دەرەوەی وڵات".

لەراگەیندراوەکەدا باسی لەوەش کراوە کە "ئینجومەنەکە سەرکی دەستەی نزاهەی فیدرالیی میواندار کرد بە ئاگادارببوون لە راپەرتی وەرزی سێیەم و چوارەمی ساڵی ٢٠٢٥ی سندوقی گواستنەوەی پارەکانی عەراق، و ئەو هەوڵانەی لەو بوارەدا دراون".

هەروەها ئەوشی خستە روو کە "لە بواری پشتیوانیکردنی تواناکانی سەربازی، ئینجومەنەکە رێزامندی دەربڕی لەسەر رەگەپێدانی وەزارەتی ناوخۆ بە گرێبەستکردن لەگەڵ دەستەی پیشسازیی سەربازی بە کێبڕکێی سیستەمی بەرهنگاربوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بە هەموارکردنی بیاری ئینجومەنی وەزیران (٤٨٥ی ساڵی ٢٠٢٥)".

لەو کەبونەوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە "لە کەرتی نەوتدا، ئینجومەنی وەزیران رێزامندی دەربڕی لەسەر بگە و مەرجە کتایبەکانی رێککەوتنی چوارچێوەیی واژکراو لەنێوان وەزارەتی نەوت (کەمپانیاکانی نەوتی بسرە و باکوور) و کەمپانیای شڤرۆنی ئەمریکی بە بەڵێنبردن و کارپێکردنی کەگەی رێژاوای قورنە ٢".

ئینجومەنەکە رووبنیشیکردەوە کە "بیاری (٤١٥ی ساڵی ٢٠٢٥)ی خۆی هەموار کردووەتەوە کە پێویستە بە پێژەکانی دارستان و پشتێنەی سەوزەوە، بە ئەوەی خەرجکردنی سیاستی دەسپێشخەری نیشتمانی بە پشتیوانیکردنی وزە و کەمکردنەوەی دەردانی گازەکان بە پێژەکانی چاندنی دار لەخە بگرێت، لە رەگەی سوودە کەمایەتییەکانی گرێبەستەکانی مێتدان، بە جەرەک لە (١٠٪)ی تەرخانکراوە دارایییە

ساڵانەکان زیاتر نەبێت، و ئەو پێژانە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ئاراستە بکرێن، و بڕدەوامبوون لە کارکردن بەو بڕگانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی دابینکردن لە وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی، و پڕۆژەکانی پشتیوانیکردنی ئافرەتان و پڕۆژەکانی چاندنی داری ژینگەیی و پشێری سەوزایی لەناو شارەکاندا".

لەراگەیندراوەکەدا ئاماژەی بەوە کراوە کە "ئەنجومەنەکە بڕدواداچوونی بۆ تەواوکردنی پڕۆژە وەستاوەکان و تەواوکردنی ژێرخانەکان کردووە، و بڕیاری (٨١٢ی ساڵی ٢٠٢٥)ی خۆی هەموار کردووەتەوە، بۆ زیادکردنی بڕی یەدەگ و تێچووی گشتی پڕۆژەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە پارێزگاکانی؛ بەغدا، دیوانیە، زیقار، کەربەلا، میسان و نەجەف"، ئاماژەشی بەوە کرد کە "ئەنجومەنەکە ڕێزامەندی دەربڕی لەسەر پێدانی ماوەی زیادە بە کەمپانیای "هیوشای" تورکی بۆ بنیاتنان و بیناسازی پیشەسازی و بازرگانی، بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ژێرخانی شاری سامەرا، بەمەبەستی دەرکردنی نامەی دڵنیایی پێویست لە بانکە پسپۆرەکان، و بڕیهەنانی داواکارییەکانی گرێبەستەکە".

ئەنجومەنەکە ڕوونیشیکردەوە کە "ڕێزامەندی دەربڕی لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییە هونەری و کارگێییەکان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە، فەرمانگەی فڕۆکەخانە عێراقییەکانەوە کە لەلایەن دەسەاتی فڕۆکەوانی مەدەنییەوە دیاری کراون بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی مامەتدانی فڕۆکەخانەی نوودەوەتی بەغدا، بەپێی ئەو داواکارییانەی دەسەاتی فڕۆکەوانی مەدەنی دیارییان دەکات"، و ڕوونیکردەوە کە "ئەنجومەنەکە سەرکی دەستەی عێراقی بۆ کەنتڕۆکردنی سەرچاوە تیشکاوەرەکان و سەرپەرشتیاری تیمی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی پیسبوونی تیشکاوەری میوانداری کرد، کە تێیدا ستایشی کاری تیمەکەی کرد و پشتیوانی تەواوی بۆ ئەرکەکانی دووپات کردەوە".

ئاماژەشی بەوە کرد کە "ئەنجومەنەکە ئەو ڕاسپاردانەی پەسند کرد کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ڕاگرتن و پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی بۆ پیسبوونی تیشکاوەری دیاری کراون، و تەرخانکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ دەستەی نیشتمانی بۆ چاودێری ناوکی و تیشکاوەری، و تەرخانکردنی پارچە زەویەک بۆ ئەو مەبەستە بۆپەی داواکارییەکانی ناشتنی پاشماوە تیشکاوەرەکان، بۆپەی مەرجە زانستییەکان و ڕێکارەکانی سەلامەتی پێیەوکراو".

لە بواری تصفیەکردنی کەمپانیا عێراقییە عەرەبییەکان، جەختی کردەوە کە "ئەنجومەنی وەزیران هانی لایەنە پێیوەندیدارەکانی لە وەزارەتی گواستنەوە داوە بۆ تصفیەکردنی کەمپانیاکانی؛ (کەمپانیای

گواستنەوەی وشکانی عێراق-ئێردەنی، کۆمپانیای عالیە بۆ گواستنەوە و بازرگانی گشتی، و کۆمپانیای عێراق-سوری بۆ گواستنەوەی دەریایی) بۆ زووترین کات، لێگۆڕ ئێستێگرتنی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی بۆ پێشکێشکردنی راپۆرتی وەرزی خولی لێسەر تصفیەکە بۆ ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران".